# له زانكۆی سەلاحەددین رێگا له كۆرێكی بەشدار عەلی دەگیرێت

بەبۆنەی 8 ی مارس رۆژی جیهانی ژنان، ئەمرۆ له زانكۆی سەلاحەدین "بەشدار عەلی" نوسەر و رۆژنامەنوس‌و بەرگریكار له مافەكانی ژنان لەگەڵ چەند قوتابیی و مامۆستایەكی دیكەی زانكۆی سەلاحەدین، بڕیار بوو كۆریك سازبكەن. سەرەرای هەموو ئامادەكارییەك بۆ كۆرەكە و كۆبوونەوەی چەندین قوتابی , بەلاّم بەبێ هیچ هۆیەك و ئاگادارییەك بەبریارێكی دەسەلاّتدارانی زانكۆ ریگاله كۆرەكە گیرا.
پێشگرتنی به كۆرگرتن‌و له رۆژیكی وەك ئەمڕۆی رۆژی جیهانی ژندا، پێشگرتنه به سەرەتایترین بنەماكانی ئازادی سیاسی‌و ئازادی ڕادەربرێن‌و لەهەمانكاتدا نیشان دەری ئەوەیە، كه دەسەلاتدارانی كوردستان تەنها بۆ ئابلوقەدانی مافەكانی ژنان‌و نارەزایەتی ئەوان‌و پروپاگەندەی بلاوكراوەو میدیاكانیانه كەباس له مافەكانی ژنان دەكەن.

8ی مارس 2007-